# به ملپێچ خۆت له سەرما بپارێزه



ئەو زۆری و هەمەرەنگییەی له بەشە جیاجیاکانی جل و بەرگدا هەیە، نیشانەیه بەوەی هەر یەکە به سوودە بۆ بەشێکی جەسته یان له بوارێکی جوانکاریدا بەکار دەهێندرێ. کچان زیاتر له کوڕان بایەخ به جل و بەرگ دەدەن، به لایانەوە جل و بەرگ بەشێکی گرنگی جوانی و ڕەونەقه. کچان بەو جله جوان و ناسکانەی که هەن، جوانتر خۆیان دەنوێنن. بەرگ و پۆشاك له ڕووی ڕەنگ و ستایلەوە، ئاوێته به جوانیی ئەو خانمانه دەبێت که لەبەری دەکەن. ملپێچ زیاتر له زستاندا بەکار دێت، کاتێك خانمان ملپێچ بەکار دەهێنن، لەگەڵ ڕەنگی جل و بەرگی خۆیاندا دەیگونجێنن، ملپێچ بەشێکی جوانی گەردنی جوانیان دەردەخات. له زستاندا وا باشه ئافرەتان جەستەیان داپۆشن، خۆیان له سەرما بپارێزن. له مل کردنی ملپێچ، یەکێکه له مۆده تازەکان، بەشێکی زۆری کچان ئاشنای ئەو لایەنه بوون، ئەوان توانیویانه به ملبەندی ڕەنگاوڕەنگ و گەرمەوە، ڕێتم و سازانێك له جوانی نێوان جل و بەرگ و ملپێچدا بهێننه ئاراوە، له هەمان کاتدا خۆیان له سەرماوە به دوور بگرن. سوور و نیلی و وەنەوشەیی و قاوەیی و ڕەساسی، ئەو ڕەنگانەن له ملپێچدا جوانییەکی زۆریان دەبێ.

# جانتا بۆ کچانی شۆخ و شەنگ



دوو جۆر له شێوازی کەرەستەی جل و بەرگ هەن، هەر یەکەیان نیشانەیەکن بۆ درەوشانەوەی کچان. جۆری یەکەم به سەرەکی دەناسرێ، ئەوەی دیکەش به لاوەکی دادەندرێ. سەبارەت به سەرەکییەکە، پێك دێ لەو جل و بەرگانەی جەسته دەپۆشن، به جلی سەرەکی دادەندرێن وەك: کراس، پانتۆڵ، فانیله، چاکێت. هتد. بەشی دووەمیش که لاوەکییە، ئەو لایەنانه له خۆ دەگرێ: بازنن دەستەوانە، خشڵ و ئێکسیسوار، جانتای دەست و چەندین شتی دیکەش دەگرێتەوە. نازداریی خانمان بەوە نیشان دەدرێ، کاتێك بەشه سەرەکی و لاوەکییەکەی پۆشاك به ڕەچاو کردنی لایەنی جوان و گونجانی ڕەنگ و ستایلی دوورین و مۆدەوە لەبەر دەکەن. شۆخ و شەنگیی دەستی خانمان له دوو لایەنەوە خۆی دەنوێنێ، کاتێك بازن و ئێکسیسوار به دەستەوە دەبێ، یان کاتێك جانتایەکی مۆده نایاب له دەست دەبێ، شێوازی جوانی جانتای دەست به پێی بایەخ و خواستی کچان هەڵدەبژێردرێ، له ساڵی پێشوودا جانتای گچکه باو بوو، کەچی له لایەن پسپۆڕانی جوانکارییەوە ئاماژه بەوە دەکرێت، ئێستا جانتای گەوره به لای خانمانەوە سەرنج ڕاکێشه.

# تاج بۆ پرچی جوانی ئێوه

شۆخ و شەنگیی هەر ئافرەتێك له ڕواڵەتەوە بەنده به ڕێك پۆشی و چۆنیەتی خۆ ڕازاندنەوەی. خۆ جوان کردن هونەره، جوانیش خۆ به خۆ هونەره. بۆیه سوود وەرگرتن له پێداویستییەکانی خۆ جوان کردن، نیشانەی سەلیقه بەرزییە. بۆ گەیشتن به پێگەی جوانی زۆر ڕەگەز هەن، وەك جل و بەرگ و ئارایشت و ئێکسیسوار، که ئەنجامێکی شیاویان دەبێت ئەگەر هاتوو خانمان هەنگاو به هەنگاو به سەلیقەیەکی وردەوە بیکەن. تۆی خانم وێڕای ئەوەی هەستێکی ناسکت هەیە له زۆربەی بوارەکانی ژیاندا، هەمان هەستی ناسکت له ڕووی خۆ جوان کردنەوە دەرخه.دڵنیا به تۆ جوان دەبی، کاتێك تاج له سەر دەنێیت، سەرت به بریقەیی و ڕازاوەیی دەگەشێتەوە، به تایبەت کاتێك کچان جوانیی سەر و پرچیان به تاجێکی جوان دەڕازێننەوە. ڕاز و نیازی خانمانیش لەو کاتەدا زیاتر دەردەکەوێ، که تاج وەك ئێکسیسوارێك له سەر دەنێن، شکۆ و جوانییەکی سیحراوییان پێ دەبەخشێت. سەریان نەخشین و بریقەداریی پێوه دیار دەبێ. پوختەی قەشەنگی له سەر و بەندی کچاندا، زیاتر له شێوەی ئارایشتی پرچ و تاجی سەره، چونکه هەر یەك لەوانه دیمەنێکی شیاو نیشان دەدات له بەرانبەر بەشەکانی دیکەی جوانیی جەسته. کچان بێ سنوور حەزیان له ئێکسیسوار و خشڵه. هەندێك له ئافرەتان بڕێکی زۆر له ئێکسیسواریان هەیە، لەبەر زۆری جاری وا هەیە نازانن کامیان بپۆشن.










# جگەرگۆشەكان پێویستیان بە نازی دایكە


كارامەیی لە كاروباری ئافرەتاندا، تەنیا هەر ئەوە نییە جلێكی جوانیان لەبەر بێ و ئارایشتێكی رازاوەیان كرد بێت. رەگەزی كارای جوانكاری لە لای خانمان ئەوەیە، كاتێك جگە لە خۆیان گرنگی بە ماڵ و منداڵیش بدەن، بەتایبەت پاك راگرتن و گرنگی دان بە جل و بەرگ و جوان كردنی جگەرگۆشەكانیان، ئەمە نیشانەی بەهرە و كارامەیی خانمانە لە ماڵدا. جگە لەوەی پاك و خاوێنی لە ماڵ و دانانی دیكۆری كەرەستەی ماڵێ، لێهاتوویی ئەو ئافرەتە دەردەخا. تۆی خانم وەك ئەركێكی سەرشانی رۆژانەت، گرنگی بە ماڵ و منداڵ دەدەیت، ئەوەش بەشێكە لە لایەنی جوانی كەسایەتیی ئێوە و پاكیی ناختان. لە وەرزی زستاندا منداڵان پێویستیان بە گرنگی پێ دانە، دەبێ لە سەرما بپارێزرێن، هەروەها جلی شیاویش لەبەر منداڵە خنجیلانەكەت بكە. لەمەشدا تۆ سەركەوتن و جوانی خۆت دەردەخەیت. گرنگی دان بە منداڵان، كارێكی سادە و ئاسانە، تەنانەت هەندێ هەنگاو ئەنجامی گەورەی دەبێت. بۆ نموونە، كاتێك كڵاوێك یان كلێتەیەكی ڕەنگاوڕەنگ لە سەری منداڵەكەت دەكەیت، منداڵەكەت بە جوانترین شێوە دەردەكەوێ، هەوڵ بدە ئەو لایەنە فەرامۆش نەكەی، چونكە بەشێكی گرنگە لە كارەكانت.







# باخچەی ئاژەڵان لە کوردستان



بەرەو پێش چوون لە هەر بوارێکدا، ئەنجامی سەرکەوتنێکە لە بوارە جیاجیاکانی ژیان، لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا گرنگی بە ئاژەڵان دەدرێت. تەنانەت ئاشنا بوونی خەڵك بە ئاژەڵان، کارێکی مرۆڤایەتییە، وەك بینینی شێوەیان و گوێ گرتن لە دەنگی ئەو ئاژەڵانە، کە خۆماڵی نین یان ئەوانەی ترسناکن، مرۆڤ ناتوانێ لێیان نزیك بێتەوە، پاشانیش وەك حەز و خواستێکی خەڵك تا لە نزیکەوە گیانداران ببینن. بیرۆکەی کردنەوەی نمایش و باخچەی ئاژەڵان پرۆژەیەکی سەرکەوتووە لەو بوارەدا. باخچەی ئاژەڵان بریتییە لە شوێنێکی دیاری کراو، کۆمەڵێك ئاژەڵی کێوی یان ئەوانەی لە دارستان دەژین، دەهێندرێنە ئەو باخچەیە. دواتریش لە لایەن خەڵکەوە سەردانی ئەو شوێنە دەکرێ بۆ تەماشا کردنی گیاندار و ئاژەڵی نێو باخچەکە. کوردستانیش بە گشتی و شاری هەولێر بە تایبەتی لەو لایەنە بێ بەش نییە، ئەوەتا لە پایتەختی گەشتیاری باخچەیەکی ئاژەڵانی خنجیلانە هەیە، کە چەندین ئاژەڵی کێوی تێدایە، ئەو باخچەیەش لە لایەن هاووڵاتییەکی شاری هەولێرەوە بە ناوی (خەلیل کاوانی ) کراوەتەوە. ئەو باخچەیە بە شێوەیەکی شارستانی و جوان سەرپەرشتی دەکرێت. چەندین ئاژەڵ لەو باخچەیەدا هەن وەك: شێر، تاوس، گورگ، وشتر، مەیموون، ورچ، کوندەبوو، نەعامە، باز و چەندین جۆرەی ئاژەڵی دیکەی ماڵی و کێوی. ڕۆژانە خەڵك بۆ بینینی گیانداران سەردانی ئەو شوێنە دەکەن و بۆ یادگاریش وێنەی ئاژەڵان دەگرن و کاتێکی خۆشیش بەسەر دەبەن.

# وێنەکێشانی سێ ڕەهەندی (3D)یش پەیدابوو



ماوەیەك بەر لە ئێستا، باسی ئەو هونەرمەندەمان کرد کە بە جۆرێك وێنەی کێشابوو، زۆر لە راستەقینە دەچوو. وێنە کێشانی سێ ڕەهەندی لەم چەند ساڵەی داوییدا پەیدا بووە، وێنەکێشانیش یەکێکە لە هەرە کۆنترین بواری هونەردا. تەنانەت بەر لە هاتنە کایەوەی قسەکردن و زمان، سەرەتا پەیوەندی بە نووسین و بە هێما و وێنەکێشان بووە. یەکێك لەو وێنەکێشە بەهرەمەندەی لەو بوارەدا ئەسپی خۆی تاوداوە، دەتوانێ کارێکی وابکات جێگەی سەرسوڕمان بێ. ئەو وێنەکێشە ناوی (جیمی سالمۆن)ە، وێنەکانی ئەو وێنەکێشە لە وێنەی سێ ڕەهەندی (٣D) دەچێ، تا لە نزیکەوە سەیری وێنەکانی نەکەی، کەسی ناو وێنەکە وا دێتە بەرچاوت وەك ئەوەی راستەقینە بێ. ئەو کارەی ئەو وێنەکێشە لە ڕێگەی بەکارهێنانی (وردە خۆڵ و دار و بۆیە)ە، دواتریش سیلیکۆن بەکاردەهێنێ بۆ زیاتر جوانکردن و نەخشین کردنی پەیکەری ناو وێنەکاندا.



# مەزنترین و بەرزترین دار



لەلایەن وێنەگرێکی بواری سرووشـــتەوە، توانی گەورەترین و بەتەمەنترین داری جیهان ئاشـــکرا بـــکا و وێنەی بگرێ، ئەو وێنەگرە کاری وێنەگرتنی دارســـتان و سرووشـــت و داروبارە، (مایـــکل نیکۆلاس) ئەو کەســـە بوو، ئـــەو دارە گەورەی دۆزییـــەوە. دارێکی مەزن، و بـــەرز تەنانەت دیمەنێکی جـــوان و بەرچاویشـــی هەیە. دارەکە بە (ســـەرۆك) ناسراوە ئەویش بەهۆی ئەوەی مەزنترین و کۆنترین و درێژتریـــن داری جیهانـــە. درێـــژی ئەو دارە دەگاتـــە : (٧٥) مەتر بەرزی، ســـەبارەت بە تەمەنی ئەو دارەش، لەلایەن پسپۆرانی بواری کشتوکاڵی پشـــکنینی بۆ کراوە، کە ئەو دارە دەگەڕێتەوە بۆ (٣٢٠٠) ســـێ هەزار و دوو ســـەد ســـاڵ لەمەوبەر، ئەو دارە دەکەوێتە دارســـتانی مەزنی کالیفۆرنیای ئەمەریکی و ڕەنگە لە داهاتووشـــدا دەوروبەری ئەو دارە بکرێتە شوێنگەیەکی گەشتیاری و خەڵکیش لە وڵاتانی جیهان ســـەردانی مەزنترین داری جیهان بکەن و ئاشنای بن.

# شاجوانێکی تازە بەڕێوەیە

هەڵبـــەت کچانـــی کورد شـــۆخ و شـــەنگ و نازدارن، ئەگەر بەشـــداری لە پێشـــبڕکێی شـــاجوانانی جیهان بکەن، بێگومـــان ســـەرکەوتنێکی گەورە بەدەســـت دەهێنن، یان نزیك دەبن لـــە وەرگرتنی نازناوی شـــاجوانان. ڕەنگە لەم ســـاڵدا یان ساڵی داهاتوو شـــاجوانێکی تـــازەی جیهانی دەربکـــەوێ، ئەویش کچێکی بە ڕەگەز خەڵکی ئێرانە و ئێســـتا دانیشتووی وڵاتی کەنەدایە، ناوی (مەهلەقا جابری)یە، جوانییەکی بێ وێنەی هەیە و ناوبانگێکی مەزنیشـــی لە ڕێگەی پەیگەکەی لە تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی دەرکردووە، داواشـــی لێ کراوە لە پێشبڕکێ ئەم ساڵی شـــاجوانی وڵاتەکەی یان جیهان بەشداری بکات. تا بتوانێ نازناوەکە وەربگرێ، بەهۆی ئەو جوانییە شایســـتەی هەیەتـــی، (مەهلاگا) تەمەنی (٢٤) ســـاڵە و لەبواری پزیشکی کار دەکا، ئەوەی جێگەی ســـەیرە ئەو خانمە، لە کچی کورد دەچێ لە شێوە و ڕووخسار و چاو گەورەیی و ڕەنگی پێستەوە.


## کچ و باوک به منداڵی و گەورەیی





(ئۆلیڤیا نونیری)، کچێکی گەنجە و ماوەیەکە چۆتە ناو پرۆسەی هاوسەرگیری، ئەوەی سەیرە پێش چەند ساڵێك كە منداڵ بووە لەگەڵ باوکی (بین نونیری) وێنەیان گرتووە، کەچی بە هەمان شێوەی پێشوودا و لە هەمان جێگە و دیمەندا دووبارە وێنەیان گرتۆتەوە. جیاوازیی نێوان کچ و باوکەکە بە روونی دیارە، لەو کاتەی کچەکە گەورە بووە و باوکەکەش وەکو خۆی ماوەتەوە تەنیا چەند گۆڕانکارییەك لە شێوەی رووخساری روویداوە.

## وتەی ناوداران



**گۆستاف فلۆبیر، دەربارەی کتێب دەڵێ :**

کتێبـــەکان بریتی نیـــن لە چەند پارچەیەك لاپەڕەی مردوو، ئەوانە کۆمەڵێك ئەقڵن لەســـەر تاقەکاندا دەژین.

## وێنە و بیر کردنەوە

- لەم وێنەیەدا سەماعەیەکی گوێچکە هەیە، هەوڵبدە بە وردی سەیری وێنەکە بکەی و بزانی چۆن ئەو وێنەیە گیراوە!



## وتـــه

**- زۆربـــەی مرۆڤـــەکان، تەندروســـتیی خۆیان لە دەست دەدەن بۆ کۆکردنەوەی ماڵ و سامان، هەر ئەو ماڵ و سامانە بەکاردەهێننەوە بۆ گەڕانەوەی تەندروستیان.**

**- کەســـانێکی زۆر بـــە دوو دڵییـــەوە بیر لـــە داهاتوویان دەکەنـــەوە، ئەمڕۆیـــان بیـــر دەچێت، لە ئەمڕۆ و داهاتووش دا ناژین.**

## زاخـــاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (کابان) بوو

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شیکارە بدۆزیتەوە..

ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بکەرەوە کە لەکۆتاییدا ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە،
بەسوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٤) کۆ بکەیتەوە بە مانای (شـێوەیەکی ئەندازەییە و بێ کۆتاییە)
- پیتی خانەکانی (٣+٤+٥) کۆ بکەیتەوە بە مانای (برای دایکت)
- پیتی خانەکانی (١+٤+٥) کۆبکەیتەوە بە مانای (شـتێکی ڕەشـە و لەسەر جەستەی مرۆڤ دەردەکەوێ )
- پیتـی خانەکانی (٣+٤+٢ )کۆ بکەیتـەوە بە مانای (خاڵ بە زاری خەڵکی هەولێر)



## یاری پیت ریزکردن

هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی ناوی کەرستەیەکی کوردەواریی بۆ دەردەچێت : ماملێ

ش ە ک م ە

وەڵامی ژمارەی پێشوو : ماملێ




## نوکتە

■ جارێکیان ئوتۆمبێلێك لە دوو کەس دەدا، یەکێکیان دەمرێ و ئەوەی دیکەش بریندار دەبێ هەر هاوار دەکا، شوفێری ئوتۆمبێلەکە بە بریندارەکە دەڵێ: ئەوە چ هاوار هاوارتە، ئەوە مردووە قسە ناکا، تۆش بێ دەنگ بە !

■ بە مەلا مەشهور دەڵێن چەند ساڵی؟ ئەویش دەڵێ (٣٠) ساڵم، دوای چەند ساڵێکی دیکە هەمان پرسـیاری لێدەکەنەوە و دەڵێن : چەند ساڵی، ئەویش دەڵێ : هەر (٣٠) ساڵم، دەڵێن ئەوە چۆن دەبێ؟؟؟ ئەویش دەڵێ : پیاو عەیبە لە قسەی خۆی پەشیمان ببێتەوە.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩




هـاوڕێـیـەکـی بێ ئەمەکت هەوڵ دەدات لـەگـەڵ خێزانـەکـەت نێوانتان تێك بـدات، ئاگاداری بە، چونکە خێزانەکەت تۆیان زۆر خۆش دەوێت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠




هـەوڵ بـدە سەرقاڵی کاروباری خۆت بیت و واز لەکاروباری خەڵکی بهێنە، بەدەست گرفتێکی خێزانی دەناڵێنی، گرنگی بەخێزانەکەت بدەو ئەوانت لەخەڵکی تر خۆش بوێت.

### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠



ئـەو سـەرکـەوتـنـەی بـەدەسـتـی دەهێنت زۆر شتت بۆ ڕوون دەکاتەوە، ڕای خەڵکیش بەرامبەرت دەگۆڕی، تۆش بزانە چۆن مامەڵە لەگەڵ خەڵکدا دەکەیت.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢



ڕۆژگـار زەردەخەنەت بـۆ دەکـات، دەرفەتی ژیـانـێـکـی سـۆزداری ڕاستەقینەت بۆ دێتە پێش و لـەدەسـت خۆتـی مـەدە، بەڵام ئاگاداری تەندروستیشت بە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢




تـۆزێك دەسـت بگرە بە خە رجییە کا نتە و ە، ئەگینا باری داراییت بەرەو خراپی دەچێت، ئاگاداری تەندروستیت بە، دان بەخۆتدا بگرە، خەرجیەکانت کەم بکەوە.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢



بـە ئـاگـاداریـیـەوە هاوڕێکانت هەڵبژێرە، دەرفـەتـێـکـی سۆزداریت دێتە پێش، هەروەها بە هاوڕێیەکی لەمێژینەت شاد دەبیت، زۆر دڵت پێ خۆش دەبێت .

### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢



هەڵسوکەوتت لەگەڵ کـەسـانـی تـر باش بـکـەو دەم بـەخـەنـدە بـە، دونیا ئـەوەنـدە ناهێنێت، بە خۆشبینی سەرکەوتنی تر بەدەست دێنیت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١



هێزو توانایەکی لە ڕادەبـەدەرت هەیە، بـەڵام بەرێکوپێکی بەکاری ناهێنیت، هۆش و بیرت بخە گەڕ، داهاتیش بەرەو باشی دەچێت، بەڵام بەباشی بەکاری بهێنە.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١



هـەواڵـێـکـی خـۆش بـەڕێـوەیـە، گرفتی نیشتەجێبوونت نامێنیت، هەوڵبدە، چیتر خۆت هەڵنەخەڵەتێنیت، ئامۆژگاری دۆستێکت وەربگرە.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩




ئـەوەی چـوو، چوو، خۆت بۆ ژیانێکی نوێ ئامادە بکە، لەبواری سۆزداری و کاردا دەرفەتی سەرکەوتنت زۆرە، ئەوەندە بیر لەرابردوو مەکەوە، تازە ڕابردوو ناگەڕێتەوە.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨



پێویستە زۆر بە وریایی مـامـەڵـە لـەگـەڵ ئەو گۆڕانکاریانە بکەیت کەلە بواری سۆزدارییەوە سەریان هەڵداوە، بەهەمو شتێك هەڵمەچوو، لەسەر خۆبە گۆڕانکارییەکان لەسەر خۆن.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠



سەرکەوتنی بەرچاو بەدەست دەهێنی لە ئیش و کارەکانت، بەڵام لەبواری سۆزدارییەوە ئەوەندە لەخۆبایی نەبیت.